# ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان

2005 /7 / 20

بۆ سەرنجی بەڕێز ،

محمد خاتەمی ، سەرۆکی جمهوری ئیسلامی ئێران

تاران–ئێران

بەڕێز

ڕدووداوەکانی ئێستای مەهاباد دەمارگیرێتی و نا ئومێدی دەبەخشن. بەئاشکرا نەبوونی لێبوردەیی حکومەتی ئێرانە لە ئاست دەربڕینی ناسنامەی نیشتمانی شارستانی ڕەوای کوردی پیشانداوە. بەڕێزیشتان، لە ماوەی هەشت ساڵی فەرمان ڕەوایتاندا، نەتان توانیوە لە ئارەزووە ڕەواکانی دووەم پێکهاتەی گرنگی کۆمەڵگاکەتان، کە کوردە، تێبگەن. ئەمەش ڕاستییەکە ڕێزنەگرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و شارستانی لە وڵاتەکەتاندا دەگەیەنێت.

ئەمڕۆ هاوسەنگییەکە زۆر ئاساییە و لەو باوەڕەدام کەسانی وەك بەڕێزتان نابێ ئەم هاوسەنگییە بەپێچەوانەوە پیشاندەن، بە ئاماژەکردن بەو ختابە شۆڤێنییە نا ڕاست و نا دادوەریانەی لەلایەن بەشێکی گەلەکەتانەوە بەکار هێنراوە کە گوایە ئێران تەنیا یەك گەلە. وا بەئاسانی مافی زیاتر لە دە ملیۆن کورد پێشێل دەکەن، کە لە یاسای جەنگەڵ بەولاوە شتێکی دی نییە.

نابێ سامانی سیاسی و شانازی بەڕێزتان بکەوێتە ناو قۆرتی چەتەکانی ئاسایشەوە کە بە شانازییەوە کوردەکان لە مەهاباد دەکوژن، کات زۆر کەم ماوە بۆ بەڕێزتان لە جیاتی هاوڵاتییە کوردەکانتان لە دوایەمین هەلی سەرۆکایەتییەکەتاندا، ئازایانە هەڵویستتان هەبێت: یەکەم کۆتایی بە شەرمەزارکردنی کوردەکان بێنن کە بەدەستی پۆلیسەکانی ئاسایشی خۆتان ئەنجام دەدرێت، دووەم، گەلەکەی خۆتان بگەیەننە ئەو ڕاستیەی کورد فارس نییە و هەرگیز ناشبنە فارس و، سێیەم، ئەو تێڕوانینەی خۆتان کە ئێستا لە دەورتاندا ڕوودەدات ڕێکخەن، وەك چۆن ئێمە دەربازبووین لە زۆرداری گەلانی تر، با ئێوەش بەزووی هەمان هەوڵ بدەن.

بەئەمکتان

لیژنەی سلێمانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان

وێنەی بۆ: بەڕێز، کۆمیساری مافی مرۆڤی وڵاتانی یەکگرتوو بۆ زانین و پێویستی ناردنی نێردراوی دۆزەرەوەی ڕاستیەکان بۆ مەهاباد بۆ ڕونکردنەوەو کردار.